## به هارانی ئاویه ر

ڕووگەم، ئاویە ر، جێ ژوانی پیرۆز

هۆی بیرەوەری دڵەی پڕ لە سۆز

دێتەوە یادم شێوە ی ڕەنگینت

سینەی خەمڵیوی بە گوڵ نەخشینت

کەروێشکەی ڕەوتی سەوزەی لاپاڵت

گەردانەی بەگوڵ هۆنراوە ی یاڵت

پۆل پۆل کەنیشکی شۆخ و لاوی قۆز

ئاواز و هۆرەی عەشق ئەچڕن بەسۆز

وا تێک ئاڵاون گوڵ و گۆنا گوڵ،

دەروونی کەیلی شیعرم هاتە کوڵ

چما سەوزە پۆش باڵای ئاویەر

لە هێلانەی دڵ، ناهێڵێ کەسەر

تاسە و ئەوینی بەهارانی تۆ

ناسۆر ئەخاتە جەرگی پڕ لەسۆ

**********

بە ناخی کەیل ،بەتاسە و مەیل، ئەناڵێنم

چەشنی بولبول، بە سۆز و کوڵ، ئەچریکێنم

بە مرواری فرمێسکی هۆنراوەی تاسەم

سای گەردنی سە وزە پۆشت  ئەنەخشێنم

**********

ئەو سا سەیری بەهارانت، بەژنی ڕازاوەی کوێستانت

ئاواتی کۆن بەدی دێنیٚ، چلوورەی تاسەم ئەشکێنیٚ

کاتیٚ خێڵی دڵدارەکان ،  ڕێگە ئەبڕن بەرەوجیٚ ژوان

سەیری بەهاری ئاویەر ، لە یاد ئەبا کوڵ و کەسەر

**حەسەن شافێعی - سە قز ١٣٦٤**